# شێواندن و دژایەتی کردنی کورد    ئەحمەد دەشتی

وەنەبێ کە دوژمنایەتی کردنی گەلی کورد لە روانگەی عارەبە شۆڤێنیەکانەوە شتێکی تازەبێت و ، ئەم هەستە ناپاکەی دوژمنایەتی کـردنی گەلی کورد ئافەرێدەیەکی تازەو نوێ نیە،هەر لەو ساوەی کە عارەب بوونەتە خاوەن دەسەڵات و هەتا بۆیان کرابێ ئەوا دژایەتی کوردیان کردووە و پەلاماری کوردستانیان داوەو خوێنی هەزاران هەزار کوردیان ڕشتووە و بە سەدان بەندو باوو بالۆرەی دوژمنایەتە کردنی کوردیان هەڵبەستووەو بەهەزاران هەزارانیان لێ ون و وێڵ و شەهیدکردووین و هەرگیزاو هەر گیزیش دانیان بە کوردو کوردستان نەهێناوەو ئەوان واتە عارەبە شۆڤێنزەکان لەوەتی هەن هەر کوردیان کوشتووە و تەواوی گۆرستانەکانی کوردستان و بە کۆمەڵ لە چاڵ نان ئەنفالەکان هەڵەبجەی شەهید شایەدی ئەو هەموو نامرۆڤایەتی و کردەوە زشتانەو جنایەت کارانەی عارەبە شۆڤێنی و دکتاتۆرەکانە کەدژ بە کوردو کوردستان ئەنجامیان داوە.

گەلۆ لەم ڕۆژگارانەی ئەمڕۆ شدا کە ئەو هەموو نەهامەتی و کوشت و کوشتار و کارەساتانەی پڕ لە زوڵم و زۆرداری و هەولی جینۆ ساید کردنی گەلی کورد و لە دوای ئەنفال و کێمیا باران و بە سەدان هەزار ئاوایی خاپور کراوو بە خاک یەکسان کراوو دۆزینەوەی   دەها گۆڕی بە کومەل لە لاوو پیرو ژن و مندالی کورد تیا ئاخنراو و بە دەستی ڕژێمی سەدامی خوێن ڕێژ و مرۆ کوژ و ئەو هەلە پیرۆزەی کە  بۆ گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد هەلکەوتوە و دوای ئەو هەموو کارەساتانە و بە سەر هاتە تاڵ و ناخۆشەکانی رابوردووی پڕ لە مەینەت و ئازارەکان کە بە دەستی تەوای داگیرکەرانی عارەبی شۆڤێنی بە سەر گەلی کورد

هەر لە دیرۆکی کۆنەوە ڕا بە سەر کورد هیندراوە هێشتان شۆڤێنیەکانی تورک و عارەب و عەجەم وازیان لە کوردو کوردستان نەهێناوە و ئێستاش هەر هەولی زیاتر داگیرکردن و دەست بەسەر داگرتنی دارو نەداری کورد دەدەن و لە ناو دەروونی ناپاکیان دا هێشتان نیازە گڵاوەکانیان هەر ماوەتەوەو لە زۆربەی راگەیاندن و کەنالەکانی سەر بە وەڵاتانی عارەبی و تورکەکانیش زۆر بە نامەردی و درۆزنانە و ناپاکانە هێرش دەکەنە سەر گەلی کورد و ئیستاش گەلی کورد لە سەر خاک و زێدی باوک و باپیرانی خۆی دا بە نەتەوەیەک و گەلێکی زۆر لێ کراو و سالەهای ساڵ ماف پێ شێل کراو ناناسن و دانی پیا نانێن، داخەکەم کە کوردیش بەخۆی وەک پێویست لە ئاستی ڕۆژگارانی ئەمڕۆ دا نیە و لە کارەسات و نەهامەتیەکانی پڕ لە ڕەنج و ئازارەکان پەندی وەرنەگرتوەو وەک پێویست نەیتوانیوە هەتا ئەمڕۆکەش ئاوات و ئامانجەکانی خۆی وەدەست بێنێ و بگات بە مافەڕەواکانی خۆی و ببێ بە خاوەن وەڵاتێکی سەربەخۆی کوردەواری و بۆ هەتایە لە مەینەت و کارەسات و ئازارەکانی ژێر دەستەیی داگیرکەرە درندەکانی کوردستان ڕزگاری بێت،ئەوان واتە دوژمنانی دیرۆکی گەلی کوردیش هەمیشە ڕۆژ لە دوای رۆژ دا پیلانەکانیان زێتر دادەڕێژن و دژایەتی کوردو کوردستان دەکەن و ئێستاش هەولی شکەستی گەلی کورد و سەر نەکەوتنی ئەزمونە پیرۆزەکەی دەدەن و تا ئەمڕۆش بەهانە دەدۆزنەوە و لێ ناگەڕێن کە کەرکوکی دڵی کوردستان بگەڕێتەوە باوەشی کوردستانی لە هەموو شتێکمان خۆشەویستر و تا ئێستا لێ ناگەرێن کەخەلکە بەزۆر ڕەتێندراوەکەی شاری کەرکوک و خانەقین و گەلێ شوێنی تری

تەعریب کراو بە نیازی خۆیان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حالی خۆیان و هیچ شتێکیان بۆ ئەو هەموو زۆر لێ کراوانەی کەرکوک و ناوچەکانی تری بە زۆر تەعریب کراو نەکردووە ، دبێ بڵێم کە زۆر بە داخەوە لە ناو ئێمەی کوردیش دا تا ئەمڕۆ هەستی  حزبایەتی زاڵە بە سەر هەستی کوردایەتی و ئەو دەروونە پاکەی کە هەزاران هەزار کوردی ژیان نەدیوی میللیمان خۆیان لە پێناودا کردە قوربانی، دەبینین ئەمڕۆکە وا نەماوەو خەلکانی تر سنگ لە پێشن کە هەتا دوێنی هاوڕێی ئەنفالچیان و سەدامیانی بەعسی بوون و ئەمڕۆش جێگەی هەزاران هەزار دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی ڕاستەقینەی کوردیان گرتۆتەوەو دەلێی نە با بوەو نەباران،ئەوانەی کە واش بوونە هۆکاری گەلێ دواکەوتن و نالەباریەکانن و هەرگیز پاکی و دڵسۆزیان بۆ کوردو کوردستان نابێت و ئیستاش لە بنەوەڕا چاڵ هەڵدەکنن و لێ ناگەرێن دڵسۆزانی کوردو کوردستان ئەوانەی کە هەرگیز موساوەمەیان لە سەر کێشە رەواکەی کوردو کوردو کوردستان نەکردووە و خۆیان کردۆتە قوربانی لێ ناگەڕێن کە ئەوان دڵسۆزانە بۆ کوردستان جێگەی خۆیان بگرن و کوردستانی خۆیان بەرەو پێشەوە بەرن.

❋